دەستەی دەستپاکی لیستی ناوی ئەو تەمەتبارانەی کە دانیشتووی ئەمریکان هادەستی وەزارەتی دادی ئەمریکا کرد



ئەمە شەمم"حەیدەر حەنون "سەرکی دەستەی دەستپاکیلیستی ناوی ئەو تەمەتبارانەی هادەستی وەزارەتی دادی ئەمریکا کرد،کە نیشتجێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان. دەستەی دەستپاکی لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-دادوەر "حەیدەر حەنون" سەرکی دەستەی دەستپاکیەملەفەکی هادەستی لایەنی ئەمریکی کرد کە تیایدا داوای هاوکاری یاسایی و لیستی ئەو تەمەتبار و سزادراوانە دەکات کە نیشتجێی ناو خاکی ئەمریکان و لەلایەن عەراقەوە داواکراون. ئاماژەی بەوەشدا:-لە کەبوونەوەیەکی دەستەیەک لە شارەزایانی دەستەی دەستپاکی لەگەڵ وەزارەتی دادی ئەمریکا، باس لە پێکهێنانی لیژنەیەک کرا لەنەوان هەردوولادا بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانی پسپۆڕانی هاوبەشی دەستکە و لایەنی ئەمریکی لە دەسپێ هاوبەشکاندا ،و پاشان دەسەڵاتی دادوەری دەکرێت ئاگەر لیژنەکە بەوای بە سزادانی تەمەتبارەکان لە دەسپێکدا هەبێت. بەپێی بەیاننامەکە دادوەر "حەیدەر حەنون"گەشبینی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەنجامدانی یاداشتێکی لێکتاگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی دادی ئەمریکا، بەمەبەستی ئاوگەڵکردنی زانیاری و ئەزموون بۆ مەبەستی پشتیوانی و بەئاگەنامەکردن، و هاوکاری تەکنیکی بۆ تاوگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەرزکردنەوەی شارەزایی، و ئەنجامدانی خولی هاهەنان لە بارەگای ئەکادیمیای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی عەراق بۆ ئەندامانی دەزگاکانی عەراق ، وەک

ئەندامانی دەزگا هاوتاکان لە وڵاتانی دەوروبەری عێراق. هەر بەپێی بەیاننامەکە:-پسپۆرانی دەستپاکی لە وەزارەتی دادی ئەمریکا ئاماژەیان بە ئاگادار بوونی خەیان لە مەترسی گەندەڵی بە سەر دامەزراوە حکومیەکان لە عێراق و دروستکردنی کێشە لە بواری ئەمنی و ئابووری و ئاستی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاری بە خەڵک خستەڕوو و هەروەک ئامادەیی خەیان دەربەیوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە کاربکەن بە تەواوکردنی لێشنووسی یاداشتەکە لەگەڵ لایەنی عێراقی بە پێشکێشکردنی پشتیوانی و ئاوگەڵی ئەزموونەکان.